# پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر بیویستایە بخەوێت، دەستی ڕاستی دەخستە ژێر گۆنای، وپاشان دەیفەرموو: ( اللَّهُمَّ قِني عذابك يوم تبعث عبادك )

له حوزەیفەی کوڕی یەمان -ڕەزای خوایان لێبێت- وحەفسی کچی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت-دەڵێن: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر بیویستایە بخەوێت، دەستی ڕاستی دەخستە ژێر گۆنای (ڕاستی)، وپاشان دەیفەرموو: (اللَّهُمَّ قِني عذابك يوم تبعث عبادك)*». وله گێڕانەوەیەکدا: «سێ جار ئەمەی (دەفەرموو». *(واتە: ئەی خودایە، لە سزای خۆت بمپارێزە لەو ڕۆژەوەی بەندەکانت زیندوو دەکەیتەوە

[صەحیحە] [تورموزی گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە باسی سونەتێکی وتەیی وکرداریی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەکات، وهەردوویان لە سونەتەکانی خەوتنن، سونەتی کرداری شێوازی خەوتنی پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم-، حوزەیفە -ڕەزای خوای لیبێت- باسی شێوازی خەوتنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەکات ودەڵێت: (ئەگەر بیویستایە بخەوێت، دەستی ڕاستی دەخستە ژێر گۆنای -ڕاستی-): بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەسەر لای ڕاستی دەخەوت؛ چونکە دەستی ڕاست بێگومان تەنها دەخرێتە ژێر گۆنای ڕاست وبەڵگەی تریش هەیە لەسەری، ئەم فەرموودەیە باسی دانانی ناولەپی دەستی ڕاستی کردووە لە ژێر گۆنای ڕاست؛ هەرکەسێک بتوانێت ئەمە بکات کارێکی باشە وئەوەی نەتوانێت ئەوا خەوتن لەسەر لای ڕاست بەسە، چونکە بەڵگەی تر هاتووە تەنها باسی خەوتنی لەسەر لای ڕاست کردووە بە بێ باسکردنی دەست خستنە ژێر گۆنای ڕاست، لەوەیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەندێکجار ئەنجامی بدایە، چونکە هەندێک هاوەڵان باسیان کردووە وهەندێکی تر باسیان نەکردووە، بەڵکو هەموو گێڕانەوەکان کۆکن لەسەر ئەوەی سونەتە مرۆڤ لەسەر لای ڕاست بخەوێت. (پاشان دەیفەرموو): ئەمیش بەڵگەیە لەسەر ڕیزبەندی وهێوربوونەوە، یەکەمجار لەسەر لای ڕاستی دەخەوت، وناولەپی دەستی ڕاستی دەخستە ژێر گۆنای ڕاستی، وپاشان ئەم زیکرەی دەووت، ومەرج نییە مرۆڤ هەرکاتێک پاڵکەوت یەکسەر ئەم زیکرە بخوێنیت، چونکە (پاشان:ثم) بەڵگەیە لەسەر هێوربوونەوە ویشوویەکی کورت لە پاش پاڵکەوتن، ئەگەر مرۆڤ قسە لەگەڵ خێزانەکەی بکات وپاشان ئەم زیکرە بڵێت؛ ئاساییە. (اللَّهُمَّ قِني عذابك يوم تبعث عبادك: ئەی خودایە، لە سزای خۆت بمپارێزە لەو ڕۆژەوەی بەندەکانت زیندوو دەکەیتەوە): بمپارێزە لە سزای ڕۆژی زیندووبوونەوە، وشەی (بمپارێزە) ئاماژە بۆ داواکردنە لە خوای گەورە بەوەی بیپارێزێت وەکو چاکەیەک وفەزڵێک لە ئەو زاتە مەزنەوە بەرامبەر بەندە، وهەروەها بەندە سەرکەوتوو بکات بۆ ئەنجامدانی ئەو کردەوانەی کە دەبنە هۆی ڕزگارکردنی لە دۆزەخ وچوونە بەهەشت، چونکە گشتگیرکردن بنچینەیە وتایبەت ناکرێت مەگەر بە بەڵگەیەک نەبیت، ودەستەواژەکە ئاماژە بۆ هەردوو واتاکە دەکات. (سزای خۆت): هەموو سزاکانی ئەو ڕۆژە دەگرێتەوە، سزای چوونە دۆزەخ دەگرێتەوە لە سەرەتادا، خوای گەورە چەند ناوێکی داناوە بۆ ڕۆژی قیامەت لەوانەش: (القارعة والصاخة والطامة والقيامة)، ئەمانە هەمووی ئاماژە بۆ ناڕەحەتی وسەختی ئەو ڕۆژە دەکەن بۆیە دەبێت مرۆڤ داوا لە خوای گەورە بکات لە سزای ئەو ڕۆژە ڕزگاری بکات. وکاتێک دەڵێت: (سزای خۆت): واتا سزایەکی ناڕەحەت ومەزن وسەختە، وهەروەها مانای ئەوە دەگەیەنێت کە خوای گەورە بوونەوەرەکان بەڕێوە دەبات وهەموو شتێک لە سزا وپاداشت بە دەستی ئەو زاتە مەزنەیە، ودەستەواژەکە ئاماژە بە هەردوویان دەکات، وفەرموودەکە سەرنجمان ڕادەکێشێت بۆ پەیوەندییەکی ورد وئاڵۆز لە نێوان خەوتن وزیندووبوونەوە لە پاش مردن (ڕۆژی قیامەت)، ئەمیش لە نیشانەی جوانی وژیربژێری وشەکانی پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم-.